
# سەماحەتی حەکیم: پشتگیری حکومەت پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت باری خزمەتگوزاری وڵات بەرەو پێش ببات




لەدیداری بەڕێز حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لەگەڵ بەڕێز موسەننا سامەڕائی سەرۆکی هاوپەیمانێتی عەزم کە دوێنێ یەکشەممە بەرواری 8-1-2023 ئەنجامدرا، سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە پێویستە کردە ئەمنی و سەربازییەکان بۆ لەناوبردنی شانە و پێگەکانی تیرۆر درێژەی هەبێت و بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو دەستکەوتە ئەمنییانە بکەین کە بەدەستهاتوون، هەروەها گوتیشی ئەوە پێویستی بە یەکڕیزی و هەماهەنگی و هاوکاری هەمووان هەیە و ئاماژەشی کرد کە گرنگە بەرژەوەندی گشتی هەمو کاتێك بەسەر بەرژەوەندی تەسکی حیزبی زاڵ بێت.